حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٨٤) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٧) لە ٢٠٢٢/١١/٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سەر بە وەزارەتی پلاندان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی پسپۆڕی، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە لە خاڵە سنوورییەکاندا سەرجەم پشکنینەکان بە گوێرەی ستاندارد ئەنجام دەدرێن و ڕێگری بکەن لە هاوردەکردنی هەر ئامێر و کەرەستە و کەلوپەل و بەرهەمێک کە لە دەرەوەی پێوەر و ستانداردەکانی کواڵێتین لە هەرێمی کوردستان، لە ناویشیاندا تانکی غاز و کەرەستە و کەلوپەل و ئامێرەکانی دامەزراندنی سیستمی غاز کە لەگەڵ پێوەرەکانی سەلامەتی و پاراستنی تەندروستی و ژیانی هاووڵاتییان ناگونجێن.

٢. چالاککردنی دەستەی پێوانەسازیی و کۆنترۆڵی جۆریی لە وەزارەتی پلاندانان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و هەموو جۆرە پێداویستییەکی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکە یاساییەکانی خۆی جێبەجێ بکات و چاودێرییەکی توندی کۆمپانیاکانی کواڵێتی کۆنترۆڵ سەر بە کەرتی تایبەت لە خاڵە سنوورییەکان بکات.

٣. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (دارایی و ئابووری و پلاندانان) و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەری هەردوو نووسینگەی بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆک وەزیران بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**